# لاوانی کوردستان‌و هەوڵدان بۆ ئایندەیەکی گەش

جمال محسن jamal_muhsin@yahoo .com

شتێکی نامۆ نیيه که لاوان لەم دوايیيانەدا دەستيان داوەته کۆمەڵێك خۆپیشاندان‌و دەربڕینی نارەزایەتی. ئەمه نیشانەی ئاوات‌و ئامانجێکی ئینسانی‌و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ گەیشتن پێی و هاوکاتیش نیشانەیەکە بۆ بێداربوونەوەی لاوان. دوای نزیك بە 15 ساڵ لە خۆڵکردنه چاوی لاوان‌و بەستنەوەیان بە ئاسۆیەکی ترەوە لە لایەن ناسیۆنالیزمی کوردەوەو ڕاکێشکردنیان بە دوای ئەوەی کە "ئەمە حکومەتی خۆمانە"و "نان‌و ئاوو کارەباو ژیانیشمان نەبێت، ئەبێ وەك چاومان بیپارێزین"، ئیتر ڕاستییەکانی ژیانی خەڵك بەگشتی‌و لاوان بە تایبەتی لە لایەك‌و دەسەڵات‌و بەرژەوەندییەکانی ئەو حزبانە لە لایەکی تر شتێکی تری نیشان دا. ئەوە ڕاستییەکی بەرچاوە کە ئێستا لاوان چاوکراوەترن‌و تورەو بێزارن لە دەسەڵاتێك کە بێمافی‌و بێبەشی بەسەردا سەپاندوون‌و ئێستا لاوان لە جیاتی دانیشتن‌و ڕازیبوون، سەرشەقامەکانیان بەدەستەوە گرتووە. ئەوان خواستێکی ترو ژیانێکی ترو ئایندەیکی تریان پێویستەو بۆ ئەمەش ئاسۆیەکی تریان لەبەردەمدایە.

## کێشەکان، خۆپیشاندانەکان‌و داخوازییەکان

کێشەی لاوان لە زاخۆو دهۆکەوە بگرە تا ڕانیەو قەڵادزەو سلێمانی‌و کەلار هەمان کێشەیە. پێش هەر شتێك‌و پێش ئەوەی قسە لەسەر ژیان‌و پێداویستییەکانی ڕۆژانەو ناو قوتابخانەو زانکۆکان بێت، قسە لەسەر ئەو یەخسیری‌و کۆنەپەرستییەیە کە چەند ساڵە حزبەکانی کوردایەتی سەپاندوویانە. ئەوان بێجگە لەوەی ئەم چەند ساڵەی پێشوو لاوانیان بە وەهمی قەومی‌و کوردایەتی گێژکردووە، هاوکاتیش بە دەست تێکەڵاوکردنیان لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانداو باوەشێنکردنی کۆنەپەرستی ئیسلامی لاوانیان بەرەو بێئومێدی ڕاکێشکردووە. لە جیاتی ئیرادە نواندن‌و پشت بەخۆبەستن، هەڵهاتن‌و یەئسیان کردۆتە بەشی لاوان. هاوکاتیش هەرگیز ژیانی لاوانی کوردستان ژیانێکی ئاسودە نەبووە. ئەوان چ لە ماڵەوەو چ لە کۆمەڵگا هیچ مافێکیان نەبووە.

لە قوتابخانەو زانکۆکان بێ کتێبی‌و نەبوونی پێداویستییە زانستییەکان‌و بیرۆکراسی ئیداری‌و ڕێزدانەنان بۆ لاوان لەلایەن دەسەڵاتداران‌و ڕاگرو بەڕێوەبەرانەوە بواری تەنانەت بیرکردنەوەشی بۆ نەهێشتوونەتەوە چ جای خوێندن‌و فێربوونی زانستی نوێ. ئاخر دەسەڵاتداران بۆ نمونە تاکو بەشی ناوخۆییان پێ ئەدان، دەرماڵەیان پێ نەئەدان. تاکو دەرماڵە ئەدەن، ستانداردی زانستی‌و پێشکەوتن دابین ناکەن..... هتد. هەر بۆیە ئەم ماوانە شاهیدی کۆمەڵێك خۆپیشاندان‌و دەربڕینی نارەزایەتی بووین لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان، بێجگە لەو شوێنانەی کە بە چەك‌و تەقەبەسەرداکردن نەیانهێشت‌و بڵاوەیان پێکراوە. بەشی هەرە زۆری داخوازییەکان شتی ڕۆژانەیی و پێداویستی لە چەشنی ئاوو کارەباو دەرماڵە بوو. وەك یەکێك لە خوێنداکارانی نارازی کەلار ئەیووت "تۆ ناکرێ کارەباو ئاوت نەبێت، شوێنت نەبێت یان ئەسڵەن هۆڵی خوێندنت نەبێت، بڕۆی بە دوای زانست‌و فێربووندا‌و بتوانیت بخوێنیت". ئەمە زۆر دروستە. بەڵام دیارە لە بەرنامەو ئەجێندای دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتیدا ئاوو کارەباو شوێنی باش‌و هۆڵ‌و...... تەنیا بۆ خۆیانە. خۆ خەڵك چاوی هەیەو ئەبینێت کە کۆشکەکانی ئەوان هەموو چراخانن! کەچی خوێندکارانیش هێشتا ئەبێ بە دیار چراوە دابنیشن! لاوان‌و خوێندکاران چ مەجبورن ئەوە قبوڵ بکەن‌و ئەسڵەن لە پێناوی چیدا قبوڵی بکەن؟!

بەڵێ، شەرمە بۆ دەسەڵاتداران کە ئاستی ژیانی خوێندکارو لاویان هێناوەتە شوێنێك بۆ ئاوو کارەباو هۆڵی خوێندن بێنە سەرجادە. دیارە ئەم داخوازییە زۆر بەرحەقەو دەستبەجێ ئەبێ بهێنرێتە دی وە لەژێر هیچ بیانویەکدا ئەوە هەڵناگرێت کە دوابخرێت. من خۆم قانع نیم، وە پێشم وا نییە هیچ کەس قانع بێت، کە کارەباو ئاوو شتی باش ئەبێ هەر بۆ دەسەڵاتدار هەبێ‌و بۆ خەڵك نییە! بۆچی مەگەر هەر لەوان تاپۆ کراوە، چی؟

ئەوەندەشی ئەگەڕێتەوە بە چاککردنی باری زانکۆکان لەڕووی زانست‌و پێشکەوتنەوە، من خۆم یەکێتی‌و پارتی بە ئەهلی ئەوە نازانم. ئەوان هەمیشە بەوەوە مەشغوڵ بوون کە بارودۆخ بە جۆرێك بهێڵنەوە نەوەیەکی نەزان، ملکەچ، بێ ئومێدو بێ ئیرادە بەرهەم بهێنن تاکو بتوانن تەزمینی ئەوە بکەن کە کۆنەپەرستی بەسەر سەری کۆمەڵگاوە بهێڵنەوە. هاوکاتیش خوێندکار کەمترین دەستی لە بەرەوپێشبردن‌و ئیدارەکردنی زانکۆو قوتابخانەکاندا نەبێ.

مەسەلەیەکی تر بزوتنەوەی لاوانە لەدژی گەندەڵی دەسەڵاتداران‌و دام‌و دەزگاکانیان وە بەشێوەیەکی گشتی باشکردنی ژیانی لاوانە کە ئەمەش بزووتنەوەو جووڵەیەکی زۆر گرنگە. گەندەڵی ئەو حزبانە مەسەلەیەکی تازە نییەو ئەوانە وەك ئەحزابی بۆرژوازی یەکێك لە پایەکانیان تاڵان‌و

بڕۆیی‌و گەندەڵیە. جا ئەگەر ئەوان پارەو پولی خەڵك نەخۆن، ئەی كێ بیخوات؟ جا ئەگەر ئەوان سەراپایان گەندەڵی نەبێ، ئەی هی كێ وا بێ؟ ئەمەش بوختانێك نیەو هەڵبەستێ. ئەوان نزیك بە 15 ساڵە نیشانیان داوە كە وەك هەمموو خەڵك ئەیڵێت "گیرفانی ئەمانە بنی نیە". بۆ ئەو گەندەڵیە مالیەش پێویستیان بەدامودەزگایەكی ئیداری‌و بەڕێوەبردنە كە ئەویش سەراپا گەندەڵ بێ. بەهەرحاڵ ئەمەش مەسەلەیەكە كە لاوانی كوردستان لەبەرامبەریدا هاتنە دەنگ‌و ناتوانن قبوڵی بكەن.

## ناڕەزایەتی خوێندكاران‌و لاوان‌و ڕێكخراوەكان

بەڵگەی زۆری ناوێت كە جێگەو ڕێگەی ڕێكخراوەكانی خوێندكاران‌و لاوانی سەر بە یەكێتی‌و پارتی هەڵبسەنگێندرێ. ئەوان هەر بەرگێكیان لەبەر كردبێت، هەمیشە بە كارەكانیان ئەوەیان سەلماندووە كە ڕۆڵێكیان پێ سپێردراوە ئەویش ئیحتواكردنی ناڕەزایەتی لاوان‌و گەر ئەوەشیان بۆ نەكرابێت بەلارێدابردنی‌و هەر ئەوەشیان پێ نەكرابێ ساردو خاوكردنەوەی توڕەیی‌و ناڕەزایەتیەكانیان بووە. ئەوەش كافی نیە كە كەسێك، ئەندامێك یان هەڵسووڕاوێك لەو ڕێكخراوانە چووبێتە خۆپیشاندانی ئەم دواییانەی لاوانەوە یان وەعدی ئەوەی دابێت كە خۆی‌و ڕێكخراوەكەی پشتیوانی داخوازیەكانیان ئەكات. گەر ئەوەشی كردبێت ئەوا لەلایەك هەم ناچاربووە بكەوێتە ژێر باری ئەو جوولەیە (كە خۆشی وەك فەرد دەرگیری هەمان ئەو كێشانەیە) و هەمیش بەناوی ئەوەوەی كە ئەوانی تێهاتوون، وویستوویانە لاوان‌و خوێندكاران لەچاوەڕوانیدا ڕابگرن‌و ئەوە بكەن بە ئاسۆی ئەو جووڵانەوەیە كە "جارێ دەست بۆ خۆپیشاندان نەبرێ چونكە دەستی تر دێتە پشتی" وە بیانووو قسەی تری لەو بابەتە. وە یان خوێندكاران‌و لاوان‌و خواست‌و داخوازیەكانیان بە وێنەی "سواڵكەر" ی بەردەم قاپی فلان‌و فیسار وەزیر نیشان بدەن. كەوایە ئەوەی گرنگە سەرنجی بدرێ ئاسۆو ئامانجی ئەو ڕێكخراوانەیە كە نەك هەر خۆیان بە ئاسۆو ئامانجی بزووتنەوەی كوردایەتیەوە گرێ داوە بگرە دەستكردی ڕاستەوخۆی ئەوان‌و ئەبێ بەرژەوەندی ئەوان بپارێزن، نەك هی لاوان.

ئەوەندەشی بە هاتنەدی داخوازیەكان ئەگەڕێتەوە، من لە بەشێك لە قسەی ڕابەران‌و هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانەكانی سلێمانی‌و كەلار ئەوەم دەرك كرد كە ئەوان زۆر تیژو سوورن لەسەر داواكانیان‌و كۆڵ نادەن تا بەدەستیان نەهێنن. ئەو سووربوونەو ئەوەی لە چاوەڕوانی دەستی‌و فروفێڵەكانی ئەواندا نەمێننەوە، خاڵێكی ئیجابیەو ئەتوانێ زامنی بەدەستهێنانی داخوازیەكان بێت. ئەو توڕەیی‌و قینەی لە قوتابیان‌و لاواندا پەنگی خواردووە بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی پێویستی بە میلیتانتی‌و جەسارەت هەیە.

مەسەلەیەكی تریش كە ئێستا ئەیانەوێ بەناوی پەرلەمانی لاوان‌و شتی لەم بابەتەوە بیكەن، هەر هەمان كارە. ئەو مەسەلەیە ڕاستەوخۆ یەكێتی‌و پارتی لەپشتەو بۆ ئەوەش ئەیانەوێ سود لە هەندێ كەسی تری ناو لاوان وەربگرن. دیارە من پێم بوایە بەشێكی زۆر لە لاوان بەم مەسەلەیە هوشیارن. بەڵام تەنها ئەوە كافی نیە. سەیر كەن، سەرەڕای ئەو هەمموو بێمافیە، هێشتا یەكێتی‌و پارتی خۆ دانەنیشتوون‌و ئەیانەوێ ئەم جموجۆڵەی لاوانیش ببەن بۆ شوێنێكی ترو دیسان‌و بۆ ماوەیەكی زۆری تر تەزمینی ئەوە بكەن كە لەژێر كۆنترۆڵ‌و ئاسۆی خۆیاندا بێ. ڕێكخراوی تواناسازی لاوان‌و ڕێكخراوی ئازادیی لاوانی كوردستان‌و ئەم هەراوهوریای پەرلەمانی لاوانە كە بەرپێخراوە، هەرچەندە وای ناو لێ ئەنێن كە بەهۆی غیابی لاوە لە پەرلەمان‌و ئەمە ئیتر ناهێڵێ لاوان بەفرامۆشكراوی بێننەوە....، بێجگە لە هەوڵی یەكێتی‌و پارتی بۆ لەبارابردنی جووڵانەوەی لاوان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێكی باشترو ئایندەیەكی گەشتر هیچی تر نیە. ئەو لاوانەشی كە سەربەو دوو حزبە (یان حزبە پاشكۆكانی ئەوان) نین‌و نیازیان گەیشتن بە ئاواتەكانی لاوێتیە، بەڵام تەوەهومیان هەیەو دوای ئەو حەرەكەتەی ئەوان كەوتوون، ئەبێ هوشیار بن‌و بزانن كە وەڵام وەرگرتنەوەی ئایندەی گەش بۆ لاوان لای تەرح‌و پێشنیارەكانی یەكێتی‌و پارتی نیە. ئەسڵەن یەكێتی‌و پارتی ڕێگری گەورەی شادی‌و سەعادەتی لاوانن. بۆ ئەوەی ئەو سەعادەتەش لە جنگیان دەربهێنن، ئەبێ پێش هەر شت بەتەواوەتی خۆیان لە ئاسۆو ئامانج‌و بزوتنەوەكەی ئەوان (بزووتنەوەی كوردایەتی) جیا بكەنەوە.

بەبڕوای من لاوان بەم جووڵانەوانەیان سەلماندوویانە كە چیتر نوكی ڕمی بزووتنەوەی كوردایەتی نین! بەڵام هاوكاتیش ئەبێ ئاسۆیەكی ڕوون‌و ئینسانیان هەبێ كە ئەم جموجۆڵانە بۆ كوێ ئەبەن. خاڵێك كە زۆر گرنگە لێرەدا ئەوەیە ئێستا كە نەفرەت لە بزووتنەوەی كوردایەتی‌و حزبەكانی هەیەو گەندەڵی ئەوان تا سەرمۆخ دەركەوتووە، لەم لاوە ئیسلامی سیاسی وا دانی خۆی تیژ ئەكاتەوە تا لە گیانی كۆمەڵگای گیربكات. بێگومان ئەویش دانانیشێ‌و تەنها تەماشاچی نامێنێتەوە. ئەویش هەوڵ ئەدات خۆی بەم جولانەوەو نەفرەتەوە هەڵواسێ. لاوان‌و خوێندكاران لە ئاستی سەرتاسەریدا یەك كێشەو هەمان داخوازی‌و یەك ئامانجیان هەیە. ئەوان ئەیانەوێ هەم ژیانیان باشتر بێت‌و هەمیش ئایندەیەكی گەش‌و شادی

بەدەستبهێنن. ئەم جموجۆلانەی دوایی زەروورەتی ئەوە ئەخوازێت کە ڕێکخراوێکی سەرتاسەی لاوان بە ئاسۆیەکی ترەوە بێتە بوون، ئاسۆی تێپەڕاندنی بزووتنەوەو تەوەهوماتی کوردایەتی، ڕێکخراوێك کە پشت بەستوو بێت بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خوێندکاران‌و لاوان، ڕێکخراوێك کە ئاسۆکەی ئازادی تەواوی لاوان‌و یەکسانی ڕەگەزی نێرو مێ، وە خۆشگوزەرانی لەخۆگرتبێ. ڕێکخراوێکی لەم بابەتە ئەتوانێ هەم نارەزایەتیی ڕۆژانەیی‌یەکانی لاوان بەدەست بهێنێ وە هەم ڕۆڵی لاوان لە بنیاتنانی ژیانی خۆیاندا تەزمین بکات. ئەمە بزووتنەوەیەکە بەو ئاسۆیەوە ئەتوانێ شان بەشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ سەعادەتی کۆمەڵگا نەخشی ببێ.